## لۆرا خەلیل:

# حەز دەکەم بە کوردی گۆرانی بڵێم

لۆرا خەلیل بەوە ناسراوە کە خاوەن دەنگێکی جیاییە و توانا و بەهرەیەکی هونەری بەرزە، و ماوەی چەند ساڵە بەردەوامە لە گۆرانی وتن ئەگەرچی وەک پێویست دەرکەوتنی بە دڵی جەماوەر نییە و بەردەوام داوای کاری زیاتری لێدەکەن، بەڵام ئەو پێی باشە ئەگەر لە چەند ساڵێک بەرهەمێک پێشکەش بکات باشترە لەوەی کە ساڵانە بەرهەمێک یان زیاتر پێشکەش بکات، لە ئاهەنگێکی کۆمەڵەی دۆستایەتیی لوبنانی کوردی بە بۆنەی دامەزراندنی ئەنجامی دابوو، لۆرا خەلیل ئاهەنگەکەی بە چەند گۆرانییەک رازاندەوە، دوای ئاهەنگەکە لە دەرفەتێکدا ئەم دیمانەمان لەگەڵی ساز کرد.

***سەرەتای هاتنی نێو بواری هونەریت چۆن بوو، ئایا کەسێك هەبوو توانا هونەرییەکانی تۆی دۆزیبێتەوە؟**

- من لە رێگای بەشداری کردنم لە پێشبڕکێیەکی هونەری بەناوی (لیالی لبنان) هاتمە نێو بواری هونەرییەوە، ئەو کات تەمەنم ١١ ساڵ بوو، ئاوازدانەرێکی بەناوبانگی لوبنانی داوای لێکردم بەردەوام بم لە گۆرانی وتن کە بە هۆکارێکی سەرەکی دەزانم بۆ بەردەوام بوونم و لەگەڵ چەندین هونەرمەندی گەورەی عەرەب بەشداریم لە ئاهەنگ و کۆنسێرتی جیاجیادا کردووە لەوانە کازم ئەلساهر و ملحم بەرەکات و جۆرج وەسوف، دواتر لەگەڵ کۆمپانیا (موزیك مصر) کارم کرد و یەکەم و دووەم ئەلبوومی من ئەو کۆمپانیایە بەرهەمی هێنا لەگەڵ چەند کلیپێك، دواتر لەگەڵ کۆمپانیای رۆتانا کارم کرد کە پێنج ئەلبوومی منیان بەرهەم هێنا، ئێستاش بە پشتیوانی خوا و پاڵپشتی جەماوەر بەردەوامم و بەردەوامیش دەبم، چونکە هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بتوانێت بەردەوام بێت.



*** مەبەستت چییە لە بەردەوامی هونەرمەند؟**

- گرنگ ئەوەیە هونەرمەند بتوانێت شتێکی جوان پێشکەش بکات کە بە زیندوویی بمێنێتەوە، نەك هونەرمەندێك کە ساڵانە چەند بەرهەمێك پێشکەش دەکات، بەڵام بەرهەمەکان لەلایەن جەماوەرەوە وەك پێویست پێشوازییان لێ نەکرێت، بەلای منەوە زۆر ئاساییە ئەگەر لە دوو ساڵدا بەرهەمێك پێشکەش بکەی، بەڵام بەرهەمەکە لە نێو جەماوەردا بە زیندوویی بمێنێتەوە و بەردەوام بوونی هونەرمەند بسەلمێنی، من نامەوێ ساڵانە چەند بەرهەمێك پێشکەش بکەم و کاریگەرییان لەسەر جەماوەر و لەسەر منیش نەبێتن بەڵکو من دەمەوێ جەماوەر خۆی داوای بەرهەمم لێ بکات، دووبارە سوپاسی خوا دەکەم بۆ سەرکەوتنی گۆرانییەکانم بەتایبەتی دوایین گۆرانیم کە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەستهێناوە.

***ئەمە یەکەم جارە سەردانی کوردستان دەکەیت؟**

-نەخێر ئەمە دووەم جارە سەردانی کوردستان دەکەم، پێشتریش جارێك سەردانی هەولێرم کردووە بۆ ئەنجامدانی چەند ئاهەنگێك.

*** کوردستانت چۆن بینی، ئەوەی بینیت پێشبینیت دەکرد؟**

- من زۆر زۆر خۆشحاڵم بەوەی ئەم وڵاتە و خەڵکەکەی لە نزیکەوە ببینم، لەلایەنی هونەریشەوە پێشبینیم نەدەکرد من بەو شێوەیە سەرکەوتوو بم ودوای تەنیا چەند گۆرانییەك خەڵك بەم شێوەیە بمناسن و گۆرانییەکانی منیان لە بەر بێت و لەگەڵم بڵێنەوە و ئاشناییان بە من و کارە هونەرییەکانم هەبێت، راشکاوانە دەڵێم پێشبینیم نەدەکرد ئەوەندە جەماوەرەم هەبێت لە کوردستان کە لوبنان و خەڵکی لوبنان و هونەر و هونەرمەندانی لوبنانیان خۆش بوێت، لە بەرامبەر ئەو

# ـــیێم هەرچەندە زەحمەتیشە بۆ من

خۆشەویستی و ڕێزەی ئەوان بۆ ئێمە و هونەری ئێمەیان هەیە و زۆر بەتەقدیرەوە هونەرمەندانی لوبنانی لە باوەش دەگرن، ئێمەش بە هەمان شێوە ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ ئێوە و کوردستان هەیە و دەبێ لە ئاسـت ئەو ڕێز و خۆشەویستییە بین، زۆر سوپاسی کۆمەڵەی دۆستایەتی لوبنانی کوردی دەکەم کە ئەم ئاهەنگەی ڕێکخسـت و دەرفەتی بۆ ڕەخسـاندین تاکو لە نزیکەوە بە ئێوە ئاشنا بین.

*** جیهانگەرایی و تەکنۆلۆژیـا جیهانی بچووك کردۆتەوە، زۆر لـە هونەرمەندانی عەرەب بە کوردی گۆرانییان وتووە، تۆ وەك گۆرانیبێژێکی لوبنانی بیـرت لەوە نەکردۆتەوە بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێیت؟**

- بەڵـێ زۆریش حـەز دەکەم بە زمانی ئێـوە گۆرانی بڵێم، چونکە من لەگەڵ پێشـکەوتن و داهێنانی نوێ و پەیدا کردنی جەمـاوەری نوێم لە شـوێنە جیاوازەکانی جیهـان و بڕوام بەوە هەیـە چەند جەماوەرت زیاتر بێت ئەوەنـدە تۆ هونەرمەندێکی سـەرکەوتووی بەتایبەتی ئەگەر زمانیان جیـاواز بێت و حەز لـە هونەر و گۆرانییەکانت بکەن، بەڵام پێموایە ئێسـتا بۆ من زەحمەتە گۆرانی بە زمانی کوردی بڵێم، سـەرەتا دەمەوێت بە شێوەزاری عێراقی گۆرانی بڵێم ئینجا بە کوردی، ڕاشکاوانەش دەڵێم زۆر حەز دەکەم بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێم.

*** بە حوکمی ئەوەی دوو جار سەردانی کورستانت کردووە، بۆ تۆ زمانی کوردی زەحمەتە یان ئاسانە؟**

- بێگومـان نـەك زمانی کوردی هـەر زمانێك بۆ مرۆڤ فێربوون و قسـە پێکردنی سـەرەتا تۆزێك زەحمەتە، بۆ منیش ئاسـاییە کە ئێسـتا زمانی کوردی بە زمانێکی زەحمەت بزانم بۆ قسە کردن.

*** وەك هونەرمەندێك سەیری بەرنامەی ئەرەب ئایدڵ دەکەی، پەرواز کە کچێکی کوردە یەکێك لە بەشـداربووانی بەرنامەکە، ڕات چییە بەرامبەر بە پەرواز؟**

- پەرواز زۆر بە توانایە و هونەرێکی جوان پێشـکەش دەکات، لـە خوا داواکارم سـەرکەوتوو بێت، بۆ ئـەوەی ناوی خۆی و وڵاتەکەی بەشێوەیەك باشتر و جوانتر نیشان بدات و نوێنەرێکی سەرکەوتووی هونەری وڵاتەکەی بێت لەم پێشبڕکێیەدا.

*** لە سـەرەتادا تۆ زۆر بە هێز هاتیتە نێو بواری هونەرییەوە، ئێستاش هەمان هێزت ماوە؟**

- حـەز دەکەم تێبینییەکت پێ بڵێم، من ئێسـتا زۆر زۆر لە سـەرەتا بەهێزترم بەڵگەشـم ئەوەیە کە من گەیشتوومەتە ئەو ئاسـتەی ئێسـتا، ئەگەر بەهێزتر نەبومایە نەدەگەیشتمە ئەو ڕۆژە، ڕاستە ڕەنگە هەندێك جار ڕووبەڕووی هەڵوێستی ناخۆش بوومەتەوە یان بۆماوەیەك وەسـتا بم لـە کاری هونەری، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئێستا زۆر بەهێزترم.

*** مەبەستم ئەوەیە دەکرا بگەیە ئاستێکی زۆر بەرزتر لەوەی ئێستا؟**

- مـن بەوەی ئێسـتا زۆر ڕازیم، بـەڵام بیرت نەچێت من کارەکانـی خۆم بەرهەم دەهێنـم کۆمپانیـاکان تەنیا کاری دابەشکردن ئەنجام دەدەن، ئێسـتاش بەرهەمی نوێم ئامادەیە ڕۆتانـا تەنیـا دابەشـی دەکات، نەبوونـی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنـان بووەتە هۆی ئەوەی کـە کلیپ و گۆرانییەك بەرهەم بهێنم.

*** خۆت حەز ناکەیت لەگەڵ کۆمپانیا کار بکەیت؟**

- نەخێـر ڕێك نەکەوتووە، لـە داهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵ ڕۆتانا دەست بە کار دەکەینەوە .

*** سروشـتی کوردسـتان زۆر جوانە بیرت لە ئەنجامدانی کلیپ نەکردۆتەوە؟**

- ئێمڕۆ سـەردانی بازاڕ و قەڵای هەولێرم کرد سروشـتی کوردستان زۆر سەرنجی ڕاکێشـام، هیوادارم بتوانم لە هەولێر کلیپێك ئەنجام بدەم.

***پەیوەندیـت لەگـەڵ هونەرمەندانی کورد هەیە؟**

- نەخێر. بەداخەوە تا ئێسـتا هیچ پەیوەندییەکی لەو جۆرەم نییە، هیوادارم ئەو پەیوەندییە دروست بێت و بتوانم لەگەڵ هونەرمەندانی کورد کار بکەم جـا بە زمانی کوردی بێت یان بە زمانی عەرەبی بێت.



# بۆچی ئەلیسا خەوی دێ؟

کچە گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلیســا یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی دادوەری بەرنامەی (X-Factor) شــان بە شانی هەر یەکە لە هونەرمەندان وائیل کفوری و کارۆل ســەماحە و حوســێن ئەلجسمی و رۆژانە کاتێکی زۆر بە وێنەگرتنی ئەم بەرنامەیە بەســەر دەربەن. سەرەڕای ئەوەی هونەرمەندان زۆر ماندوو دەبن لە وێنەگرتنی ئەم بەرنامەیە و بەردەوام بوونیان لەگەڵ بەشداربووانی بەرنامەکە، بەڵام لە جەماوەری خۆیشیان دانەبڕاون بەتایبەتی لەســەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێك لەو شــتانەی کە زۆر سەرنجی جەماوەری ئەلیسای راکێشابوو لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسی بووی هەست دەکەم پێویستم بە نووســتن هەیە، چونکە لە بەرنامەکە زۆر ماندوو دەبین لە هەمان رۆژیش بە بەشداربووانەوە سەرقاڵ دەبین کە هەندێك جار ئاگامان لە ماندووبوونی خۆمان نابێت، بۆیە لەوەتەی بوومەتە ئەندام لە لێژنەی دادوەری بەرنامەکە رۆژانە زیاتر لە جاران قاوە دەخۆمەوە بۆ ئــەوەی بتوانم بەســەر کەم خەوییەکەمدا زاڵ بم.



# دیانا پێویستی بە پیاوێک هەیە

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانــی دیانــا حــەداد رایگەیاند کە وەك منداڵانی دیکە تەمەنی منداڵی و هــەرزەکاری نەبینیوە، چونکە هەر لە تەمەنێکــی زوودا چــووە نێو بواری هونەرییەوە و لە ١٨ســاڵیدا شــووی کرد دیانا حەداد ئەوەشی دووپات کردەوە کە قۆناغی تەڵاقدانی تێپەڕانــدووە، چونکە بە رەزامەندیی خۆی و ســوهێل عەبدولی هاوسەری جیابوونەتەوە، دیانا ئەوەی نەشاردەوە کە پێویستی زۆری بە پیاوێك هەیە لە ژیانیدا، بەڵام رەتی کردەوە کە کەسێکی دیکە لەم ماوەیەدا بوونی هەبێت لە ژیانیدا و هەموو توانا و گرنگی خۆی خستۆتە سەر کار و پەروەردە کردنی هەردوو کچەکەی سۆفیا و میرا. دیانا حەداد دەربارەی سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری گوتی: هەر هونەرمەندێك کەســێك هەیە کە ڕۆڵی هەبووبێت لە دەرکەوتن و ناســینی لەلایەن جەماوەرەوە، هۆکاری دەرکەوتنی منیش ئاوازدانەرێك بوو کە گۆرانی (ساکن)ی بۆ ئامادە کردم و ئەم گۆرانییە سەرکەوتنێکی بەرچاوی لەسەر ئاستی عەرەبی بەدەستهێنا و لە رێگای ئەو گۆرانییەوە جەماوەر زیاتر منی ناســی و تا ئێســتاش ئەو گۆرانییە بە زیندوویی ماوەتەوە و لە هەموو ئاهەنگەکاندا جەماوەر داوای ئەم گۆرانییە دەکەن.



# بۆچی بیونسی ئاهەنگەکانی دوادەخات؟

هەرچەندە بیونســـی نویلزی گۆرانیبێژی ناوداری جیهانی هەواڵی دووگیانیی خۆی بۆ جاری دووەم ئاشکرا نەکردووە، بەڵام دوای ئەوەی ئاهەنگەکەی بەلجیکای دواخست ئەم نهێنییە ئاشکرا بوو. بۆ ئەم مەبەستە چەند دەزگایەکی راگەیاندن بڵاویان کردەوە کە هۆکاری سەرەکی دواخستنی ئاهەنگەکـــەی بۆ دووبارە دووگیانبوونی دەگەڕێتەوە، هەر دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە بە چەند کاتژمێرێك، پەیجی تایبەتی بیونســـی و جای زیی هاوســـەری پڕ بوو لە پیرۆزبایی هاوڕێ و دۆستانیان و لە پێش هەموویشیان هونەرمەندان ئاندی کۆهین و فانك فلیکس و ویندی ویلیامز و راسیل سیمۆن، لە بەرامبەردا بیونسی داوای لێبوردنی لە جەماوەری خۆی کرد بەوەی نەیتوانیوە ئاهەنگەکە ئەنجام بدات و بۆ کاتێکی دیکە دوایخستووە و بەڵێنی پێدان کە لە نزیکترین دەرفەتدا ئاهەنگەکە ئەنجام دەدات و لە دەنگ و گۆرانییەکانی بێبەشیان ناکات.




# یەک دەقیقە لەگەڵ شاهرۆخ خان زیاتر لە ٥ دەفتەری تێچوو

دوای ئـــەو ناوبانگەی کە بە دەســـتیهێنا لـــە وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی لە فیلمی ئێســـتا شاهرۆخ خانی شـــای بۆلیۆد بووەتە یەکێك لە ناودارترین کەســـایەتییە هونەرییە هیندییەکان لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و نرخی یەك خولەك دانیشتن لەگەڵی گەیشتۆتە ١٢٠ هەزار جونەیهی میسری.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی ئیماراتی شاهرۆخ خان لەسەر داوای یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی ئیمارات ســـەردانی دوبەی کرد بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی هاوســـەرگیرییدا ئامادە بێت، شاهرۆخ خان بۆ ماوەی تەنیا نیو کاتژمێر ئامـــادەی ئاهەنگەکە بوو و بە گوێرەی ئەو رێکەوتنەی لە نێوانیاندا هەبوو ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ کاتی مانەوەی لە ئاهەنگەکەدا نرخی یەك دەقیقەی شـــاهرۆخ خان گەیشتە ٦٧ هەزار درهەمی ئیماراتی.

لە ئاهەنگەکەدا شـــاهرۆخ خـــان پیرۆزبایی لە بووك و زاوا کرد و چەند وێنەیەکی لەگـــەڵ بووك و زاوا و هەوادارانی خۆی گرت و بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك لەگەڵ شـــەزا حەسون گۆرانی گوت و بەپێی هەواڵی ئاژانسی ناوبراو هەر هەمان شەو ئیماراتی جێهێشتووە گەڕاوەتەوە هیندستان.





## ئەنجلینا جۆلی:

# هەست دەکەم هەمان ئافرەتەکەی پێشووم

بەم دواییە هەواڵی بڕینەوەی مەمکەکانی ئەستێرەی سینەمایی جیهانی و باڵیۆزی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجلینا جۆلی و بە ویستی خۆی، بوو بە سەر دێڕی هەواڵە جیهانییەکان و هەر یەك بە جۆرێك لێکدانەوەی بۆ کرد.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك ئینجا ئەنجلینا هەواڵەکەی ئاشکرا کرد و روونیشی کردەوە لە ترسی ئەوەی تووشی شێرپەنجە نەبێت لەبەر ئەوەی هەڵگری جینێکی مەترسیدارە کە ناسراوە بە(BRCA1) و ئەگەری توووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك زیاد دەکات، بڕیاریدا هەردوو مەمکی ببڕێتەوە، پێشتر دایکی ئەنجلینا بەهۆی تووشبوونی بە شێرپەنجە گیانی لە دەستدا بوو، بۆیە لە ترسی ئەوەی منداڵەکانی بێ دایك نەبن و وەك جۆرێك لە خۆپاراستن مەمکەکانی بڕییەوە. ئەنجلینا لە نامەیەکدا کە ئاراستەی هەموو دایکانی کردبوو دوای نەشتەرگەرییەکە دەڵێت: منداڵەکانم هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکەن، تەنیا ئەوە نەبێت کە شوێنی نەشتەرگەریەکە بە لەشمەوە دیارە، من هەمان دایکی پێشووم و پێویستە منداڵەکانم ئەوە بزانن کە خۆشمدەوێن و ئەم کارەشم لە پێناو ئەوان ئەنجامداوە و ئامادەم هەموو شتێك بکەم تەنیا بۆ ئەوەی بە خۆشگوزەرانی بژین، سەبارەت بە لایەنی مێیەتی دوای نەشتەرگەرییەکە دەڵێت: هەست ناکەم لە پلە و پایەم کەم بووەتەوە، هەست بە هێز دەکەم، چونکە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەم داوە کە هیچ لە مێیەتیم کەم ناکاتەوە.

باوکی ئەنجلینا ئاگادار نەبوو

جۆن فۆدیتی باوکی ئەنجلینا جۆلی بێ ئاگایی خۆی لەم نەشتەرگەرییەی کچەکەی راگەیاند و وتی : من لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە ئەو هەواڵەم زانی، فۆدیت کە بۆ ماوەی دوو ساڵ هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ کچەکەی نەمابوو، ئەنجلینای بە کەسێکی بەهێز و بێ وێنە وەسف کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرسوڕمانی خۆی بەم هەواڵە دەربڕی، چونکە دوو رۆژ بەر لەوەی نەشتەرگەرییەکە ئەنجام بدات کچەکەی خۆی بینی بوو و بە هیچ شێوەیەك باسی نەشتەرگەری لەگەڵ نەکردبوو، سەرەڕای ئەمەش بڕیارەکەی بە هەڵە نەزانی و لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی نیویۆرك دەیلی نیوز سەبارەت بەم هەنگاوەی ئەنجلینا وتی: ناتوانم خۆشەویستیی خۆم بۆ ئەنجلینا وەسف بکەم، دوو رۆژ بەر لە نەشتەرگەرییەکە بینیم لەگەڵ براد بێت بوو و بەشداریمان لە ئاهەنگی لە دایکبوونی جیمی برای کرد، بەڵام هیچم نەزانی دەربارەی نەشتەرگەرییەکە، دواتر لە رێگای میدیاکانەوە هەواڵەکەم زانی و بووە مایەی سەرسوڕمانی من، بەڵام زۆریش خۆشحاڵ بووم کاتێك زانیم بەو هێز و ورەی بەرزەوە رووبەڕووی حاڵەتێکی ناخۆشی لەم جۆرە بووتەوە تەنیا بۆ ئەوەی منداڵەکانی بێ دایك نەبن قوربانی بە جەستەی خۆی داوە، ئەمەش بۆ من مایەی سەربەرزییە.

شایەنی باسە لە ساڵی ٢٠١١ ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان ئەنجلینا و باوکی هەبوو دوای ئەوەی باوکی ئەنجلینا بە تووش بوون بە چەند نەخۆشییەکی دەروونی وەسف کرد، لە بەرامبەردا ئەنجلینا باوکی خۆی بە خیانەت کردن لە دایکی تۆمەتبار کرد، بەڵام براد بێت توانی ئەم ناکۆکیەی نێوانیان چارەسەر بکات و ئاشتیان بکاتەوە.

# سێ بەرهەمی نوێی (حەمەسەعید حەسەن) بڵاو کرایەوە










خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سێ بەرهەمی لەژێر ناونیشانەکانی (ئەوین و ئاوەز، مێ لە سایەی ستەمدا و شیعر لە زاری ژنەوە) بۆ حەمەسەعید حەسەن، رەخنەگر، شاعیر و ساتیر نووس بڵاو کردەوە.

حەمەسەعید حەسەن لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشووەوە وەك شاعیر و رەخنەگر لەناو ئەدەبی کوردیدا، تا ئێستا جێگا دەستی بەبەردەوامی دیار بووە و بە بەدەیان پەرتووکی رەخنەیی و دیوانە شیعر ئەو ئەزموونە کراوەتە کتێب.

ئەم سێ بەرهەمە نوێیە، کارێکی تازەن لەناو کتێبخانەی کوردیدا، ڕەنگە پێشتر بە کوردی لەسەر ئەوین لە ڕوانگەی فەلسەفەوە، دەربارەی تایبەتمەندییەکانی زمانی ژن و لەمەڕ ستەمی کولتوور و ئایین لە ژن نەنووسرابێت بەو شێوەیە، لەم پەرتووکانە جەختێکی زیاتری خراوەتە سەر. کتێبی (ئەوین ئاوەز) باس لە خۆشەویستی دەکات، لە روانگەی فەلسەفەوە ئیدی هەر لە ئیفلاتوونەوە تا ئێریک فرۆم. دووەمیان کە (مێ لە سایەی ستەمدا)یە، باس لەو ستەمە دەکات مێ لە سایەی کولتوور و ئایینە جیاوازەکاندا بەرەو ڕووی مێ دەبێتەوە.

هەرچی پەرتووکی سێیەمە، جەخت لەسەر شیعری ژنان دەکات، لە ژێر ناونیشانی (شیعر لە زاری ژنەوە) لەبەر ڕۆشنیایی شیعری ژنانی کورد و غەیرە کورددا، باس لە تایبەتمەندییەکانی ئەزموونی ژن و بە تایبەتی ئەو زمانە دەکات کە تایبەتە بە ژن.